ترەمپ:حوسییەکان تەسلیمبون و هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر یەمەن رادەگیرێت

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رایگەیاند، حوسییەکان تەسلیمبون و هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر یەمەن رادەگیرێت.

دۆناڵد ترەمپ، لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ مارک کارنی، سەرۆک وەزیرانی کەنەدا لە کۆشکی سپی ڕاگەیاند، حوسییەکان دوێنێ پێیان راگەیاندوین کە شەڕیان ناوێت و کەشتیەکانی ئەمریکا بەردومان ناکەن، داوایان لێکردوین بەردومانیان نەکەین و تەسلیمبون.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمریکا بەردومانەکانی بۆ سەر حوسییەکان لە یەمەن ڕادەگرێت دوای ئەوەی بزوتنەوەی یەمەنی هاوپەیمانی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر پێکنەخستنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.